# غەمی ئەنفالیش وەک هەڵەبجە لە مۆنمێتکدا مەبینن

حەمەکاکەڕەش

ولآتی ژاپۆن لەکەرنەڤاڵێکی گەورەدا سەرقاڵی یادەوەری (60) ساڵە بۆمبارانی هێرۆشیماو ناکازاکی بوو. لەو رۆژانەدا خەمی ماتەمینی و لەیاد نەچوونی ئەو کارەساتەت بەڕوخساری هەموو تـاکێکی ژاپۆنیـەوە دەبینـی ، کەبەچ قورســـایی وریێزێکەوە گەورەییان بەو یادە دەداو لەکاتی قسەکردندا بۆکەناڵەکانی راگەیاندن بەیەک دەنگ دەیان ووت کاریگەری ئەم کارەساتە لەناخی هەموو ژاپۆنیەکەوە رۆچۆەتە خوارەوەوئاسەواری بەجێ هێشتووە ، هەرگیز بیرمان ناچێ و لەپێش هەموو وانەکانی ژیانەوە ئەم کارەساتە دەکەین بە وانەیەک و دەبێت هەموو ژاپۆنیەک لەو وانەیە بگات ، لێرەدا دەبینین کە ژاپۆنیەکان چۆن نوقمی یەک ریزی و وشیاری نەتەوەیی وخۆشەویستی خاک و نیشتمانن ، هەروەها جولەکانیش ساڵانەو بەبەردەوامی یادی هۆلۆکوست دەکەنەوەو تاکو نەوەکانی داهاتویان هەرگیز ئەورۆژە رەشەیان بیر نەچێتەوە کە هیتلەر بەسەری هێنان ،شیعەکانیش بۆ حەسەن و حوسێن تائێستا لە خۆیان دەدەن و عاشورا شەلآلی هاواروفیغان و فرمێسک و خوێن دەکەن، بۆیە پێویستە بپرسین؟ ئەی ئێمەی کورد لە یاد کردنەوەیەکی سەرپێی حزبی زیاتر چیمانکردووە، بۆ بیرنەچونەوەی ئەنفال بۆ تێگەیشتن لە ئەنفال ؟ ئایا توانیومانە ئەنفال بەدەرەوەو ناوەوەی خۆمـــان بگەیەنین کە ئەنفال چی بوو ؟بۆ ئەنفال نووقمی بێدەنگی کراوە؟

بۆدەستەڵاتی کوردی غەمسارەدە لە بەردەم کردەی ئەنفالنەخێر . نەک هەر نەمانتوانیوە بە دەرەوەوەی خۆمانی بگەیەنین وەکو قورسایی کارەساتەکە . بگرە لەناوەوەی خۆشماندا تێگەیشتنی بۆ نەکراوەو کاریگەری ئەنفال شۆڕنەبۆتەوە ناخی تاکەکانی کــوردەوەو ئاسەواری بەجێ نەهێشتووە، چەندین خێزانمان هەیە لەناو شاڵاوی ئەنفالدا لەو حەشری مەر گەوە رزگاریان بووەو ئێستا بەکەساسی لەئۆردوگاکاندا ژیان دەگوزەرێنن و لە ئەنفال نەگەیشتون .

هەزاران منداڵمان هەیە کەلە رۆژە رەشەکانی ئەنفالدا لەدایک بوونە . ئێستا تەمەنیان (18) ساڵەو نازانن مانای ئەنفال چی یە .حزبمان هەیە تاکو ئێستا لە ئەنفال نەگەیشتووە، حزبمان هەیە نایەوێت لەئەنفال بگات.

بڕوا دەکەن کوردێکی لەمەڕ خۆمان لەهەندێک کوردی تورکیای پرسیبوو ئەزانن ئەنفال چی یە ؟ وتبوویان بەڵێ ئەنفال جۆرە چەکێکە کە رژێمی عێراق بۆ گیانیی کوردەکان بەکاری هێنا!!

ئەنفال یەکێکە لە کارەساتە گەورەکانی دنیاو مرۆڤایەتی کەچی . یادکردنەوەوهەوڵی لەبیرنەچونەوەو ناساندنی بەدەرەوەو ناوەوەی خۆمان لەئاستی کارەساتێکی بچوکیشدا نییە ، بۆ ؟لەکۆتایید هیوادارم دەستەڵاتی کوردی غەمی ئەنفال وەک هەڵەبجە لە

مۆنمێتکدا کونەکاتەوەو وابزانێت ئیدی ڕۆحی ئەنفالەکان شادو ژیانی پاشماوەی ئەنفالەکان بێ حەسرەت دەگوزەرێت،ئەنفال وەک کارەسات وهەوڵی سڕینەوەی نەتەوەیەک برینێکی هێند قووڵە تەنها بە مۆنمێتێک ساڕێژنابێ و ماندو بوون وگەڕان ولەسەروەستانی زۆری دەوێت.